**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ( ٣٢٥٩ ) لە ٢٠١٧/٧/٢٧**

## بڕیاری
## ژمارە ( ١١٦ )ی ساڵی ٢٠١٧

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، وئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/١٩، و لەسەر پێشنیاری بۆردی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە کۆبوونەوەی ژمارە (٢) لە ٢٠١٧/٥/٩ ، و بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٢٤٢٦) لە ٢٠١٧/٥/٣١ ، بڕیاردرا بە :-**

## پەیڕەوی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٧
## پەیڕەوی بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا( ماستەر و دکتۆرا یان بڕوانامەی هاوتایانە ) کە لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق کاردەکەن

**ماددەی یەکەم :**

**پێدانی (نازناوی زانستی) بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا (ماستەر و دکتۆرا یان بڕوانامەی هاوتایانە) کە لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق کاردەکەن ، بە مەرجێك بەپێی ئەحکامی ماددەکانی(١٩) ،(٢٠) ، (٢١) ، (٢٢) ، (٢٣) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ (یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان- عێراق) بێت و هەروەها بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦(ڕێنمایی پێدانی نازناوی زانستی ) کە لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق دەرچووە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) ژمارە (١٩٥) لە ٢٠١٦/٢/٤ بڵاوکراوەتەوە یان هەر یاسا و ڕێنماییەکی تر کە لە داهاتوودا جێگەی ئەم یاسا و ڕێنماییە دەگرێتەوە و لە دوای دڵنیابوون لە هەبوونی گشت مەرج و پێداویستییەکانی کارپێکراو لەم بوارەدا .**

**ماددەی دووەم :**

**پرۆسەی بەرزکردنەوەی زانستی بۆ ئەوانەی کە ماددەی یەکەمی سەرەوە دەیانگرێتەوە بەپێی ڕێنماییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی پەیڕەوکراو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ئەنجام دەدرێت .**

**ماددەی سێیەم :**

**پێدانی نازناوی زانستی بۆ ئەوانەی کە ماددەی یەکەمی سەرەوە دەیانگرێتەوە و بەردەوامن لە وانەوتنەوە و توێژینەوەی زانستی ، بەپێی پێوەرەکانی پەیڕەوکراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق دەبێت .**

**ماددەی چوارەم :**

**ڕاگرتنی خەرجکردنی شایستەی دارایی پلەی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ ئەوانەی کە سوودمەندن لەم پەیڕەوە بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی دارایی بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەو شایستە داراییانە لە ئێستادا .**

**ماددەی پێنجەم :**

**ئەوانەی ئەم پەیڕەوە دەیانگرێتەوە مافی ئەوەیان نییە داوای گواستنەوەی ڕاژەیان بکەن بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ، یان ئەحکامی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای جێبەجێکردنی لە هەرێم ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٣ بیانگرێتەوە .**

**ماددەی شەشەم :**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە دەردەکات .**

**ماددەی حەوتەم:**

**ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .**

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**